مەنسوور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین

# هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت

2

وەرگێڕانی/ کامیل عەزیز

تایپکردنەوەی/ سەروەت حامید

پیاچوونەوەی/ سالار ڕەشید

## چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە بار و دۆخ و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، وەک قۆناغێک لە مێژووی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵی سەرمایەداری بە گشتی و کۆمەڵی ڕوسیادا بە تایبەتی شکڵی گرت. لێکدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چوارچێوەی مەحدودی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، وەک قۆناغێک لە ڕەوتی چوونە پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیە و وەک ئەنجامی درێژەی ئەم بزونتنەوەیە لێکدانەوەیەکی ناتەواوە. چ شکڵگرتن و ڕودانی شۆڕش، چ پرۆسەی داڕوخانەکەی دوایش دەبێت لە ئاستی کۆمەڵگە و مێژووی واقیعی هاوچەرخی خۆیدا لێک بدرێتەوە، نە تەنها توخمی زەینی کارای شۆڕش، بەڵکوو کۆمەڵێک شێوازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی چینایەتی، نە تەنیا چینی کرێکار و ئاوات و ئامانجەکانی، بەڵکوو مەوقیعیەت و خواستەکان و ڕەوتی حەرەکەتی هەموو چینە سەرەکییەکان لە کۆمەڵدا ڕەچاو کرابێت. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیادا سەرکەوتایە و کۆمەڵێکی نوێی سۆسیالیستی بەرپا بوایە، ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ دابڕانێکی بنەڕەتی لە مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی ڕوسیادا ڕووبەڕوو دەبووین. بار و دۆخێکی کۆمەڵایەتی بە هەموو پایە مادی و ڕەوەند و هێزەکانییەوە نەفی دەبووەوە و بار و دۆخێکی نوێ لەسەر بناغەی دینامیزمی نوێ و ئاوات و ئامانج و ئەولەوییەتی نوێ شکڵی گرت. بەڵام **شکستی شۆڕش** ئیتر ئەو شۆڕشە دەخاتە ئاستی گەشەی مێژوویی کۆمەڵی پێش شۆڕش و پەیوەست بەوەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ناتوانرێت مەسەلەکە بەم شێوە سادەیە تەرح بکرێت: یا سەرکەوتنی چینی کرێکار، یا شکستی چینی کرێکار. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی بوو. حەتمەن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرکەوتنەکەی دەورانساز دەبوو، بەڵام شکستەکەش جێی مێژوویی خۆی لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵی تا ئێستادا پەیدا کردووە. بە دەربڕینێکی تر، شۆڕشی کرێکاری شکستخواردوو هەر چۆنێک بێت، دەور و قۆناغێکی پڕ بایەخە لە مێژووی کۆمەڵایەتی ڕوسیادا. شۆڕشی شکستخواردووی دژی سەرمایەداری، دەبێت بە ئەڵقەیەک لە گەشەی سەرمایەداری زەڕبەخواردووی شکست نەخواردوو، وە بەم شێوەیە پەیوەست دەبێت بە جەرگەی مێژووی کۆمەڵایەتی پێش خۆیەوە. بە هەر حاڵ شکستی شۆرشی ڕوسیا خاڵێکی گەشەی کۆمەڵایەتی بۆرژوازییە لە ڕوسیادا.

**تێڕوانینی کۆمەڵایەتی** لە بەرامبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، یانی دەرککردنی چوارچێوە **کۆمەڵایەتییەکەی** لە شیکردنەوەی ئێمەدا جێگەیەکی گرنگی هەیە. دواتر دەچمە سەر بەدەستهێنانی ئیستنتاجاتی موشەخەستری لەم باسەدا. بەڵام هەر لێرەدا پێویستە بە کورتی ئاماژە بە گرنگی ئەم شێوە مامەڵەیە لە ناسین و لێکدانەوەی مەسەلەی سۆڤێتدا بکەم، "شۆرش" تەنانەت شۆڕشێک بە مەزنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش ڕوداوێکە لە **کۆمەڵدا**. کۆمەڵ ئەو دیاردە مەزن و هەمەلایەنەیە، کە شۆڕش دروست و پێویست دەکات، سنوورەکەی دیاری دەکات و میکانیزمی زاڵ بەسەریدا پێک دێنێت. لە ڕاستی بە لێکدانەوەی کۆمەڵ دەکرێ شۆڕش بناسرێت و درک بکرێت. ئەم حوکمە زۆر سادە و بەڵگەنەویست دێتە بەرچاو، بەڵام گەڕانەوە بۆ **کۆمەڵ** و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی لێکدانەوەی حەرەکەتی ئینسانەکان، بەردێکی بناغەیی مارکسیزمە. ئەم حوکمە سادە مارکسیستییە لە تەفسیرەکانی چەپە ڕادیکاڵەکان لە مەسەلەی سۆڤێتدا زۆر فەرامۆش کراوە. بەرئەنجامی شۆڕش هەر چییەک بوو، بەرەنجامێک نەبوو لە خودی شۆڕشدا، بەڵکوو بەرئەنجامی کاریگەری شۆڕش **لەسەر کۆمەڵی ڕوسیا** بوو. کاتێک دەربارەی شۆڕش دەدوێین، دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، کە خەریکین قسە لە سەر ڕوداوێک دەکەین، کە لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و فراواندا ڕوی داوە.



شۆڕش کۆمەڵ دانارێژێت تا میکانیزمەکان و دینامیزمە سەربەخۆکانی خۆی بکاتە بناغەی حەرەکەتی مێژوو، بە پێچەوانەوە شۆڕش بەرەنجامی میکانیزمەکان و دینامیزمە کۆمەڵایەتییەکانە. کاتێک کەسێک بۆ نموونە لە پڕ چینێکی دەسەڵاتداری تازە لەسەر بناغەی (بیرۆکراسی) لە ڕوسیادا کەشف دەکات، ئەوە خەریکە کۆمەڵ دەکاتە بەرەنجامی شۆڕش. لە لێکدانەوەی مارکسیستیدا شۆڕش ئاستێکە لە دژایەتی و ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان. لە لێکدانەوەی ناکۆمەڵایەتی و ناماتریالیستی چەپی ڕادیکاڵدا، چینە کۆمەڵایەتییەکان زادەی شۆڕشن. یا کاتێک کەسێک ناکۆکی چینایەتی بنچینەیی لە بەرەبەیانی شۆڕشی (17)دا بە مەیلی خۆی دەکات بە دژایەتی پرۆلیتاریا و توێژە لاوەکییەکان، ئەوە خەریکە کۆمەڵ بکاتە شوێنکەوتەی شۆڕش. لە مارکسیزمدا شۆڕش ڕەنگدانەوەی بوونی قڵشت و جەنگی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانە، کە زادەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ بەسەر کۆمەڵدان. لە چەپی ڕادیکاڵدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بە ویستی شۆڕش پاش و پێش دەکرێن و دەسڕێنەوە و دەخوڵقێنرێن. حەتمەن ئەو شۆڕشە سۆسیالیستە سەرکەوتووەی کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی بگۆڕێت، کۆمەڵ و چینە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگۆڕێت. بەڵام تەواوی توانای خولقێنەری شۆڕشی سۆسیالیستی بریتییە لە هەمان ئەم گۆڕینەی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئەو کەسەی کە قسە نەک لە شۆڕشێکی سەرکەوتوو، بەڵکوو لە شۆرشێکی نیوەوناچڵ، سەرنەکەوتوو وە یان شکستخواردوو دەکات، کەسێک کە ئەوەی قبوڵ بێ کە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە لە شێوازی بەرهەمهێناندا بەدی نە هاتووە، ئیتر ناتوانێت کۆمەڵی واقیعەن مەوجوودی تا ئێستا لە شیکردنەوەی خۆیدا وەلا بنێ و دەست بداتە لێکدانەوەی شۆڕش لەسەر بناغەی خودی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شۆڕش. ئەمە ئیتر زیهنیگەرایی و پشتکردنە لە تەواوی ماتەریالیستی مێژوویی مارکس.

تێڕوانینی **کۆمەڵایەتی** لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕێگەی ئەوەمان ئەدات کە لە لێکدانەوەی دینامیزمی حەرەکەتی شۆڕشدا، هەر وا بە ماتەریالیزمی مێژوویی وەفادار بمێنینەوە، فاکتەرە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکان وەکوو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دژایەتییە چینایەتییە واقیعییەکان و لێک پەیوەستەیی مێژوویی ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو لانەدەین و بە تایبەتی لە زەمینەکانی پەیدابوونی شۆڕش و هەروەها لە ڕەوتی دیاریکراوی درێژەی ئەو شۆڕشە لە دوای ئۆکتۆبەریش، گرێوگۆڵە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان، مەسەلە کارسازەکانی خەباتی چینایەتی و دینامیزمی واقیعی حەرەکەتی کۆمەڵ بە ڕێگای شۆڕشدا بناسین. لەم بەشەی باسەکەدا مەبەستی من ئەوەیە کە پەنجە بخەمە سەری، ئەو خاڵانەی کە مەسەلەی تەوەرەیی شۆڕشە لە ڕوسیادا، مەسەلەیەک کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مومکن کرد و لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی دوایی ئەودا چارەنووسساز بوو. ئەم مەسەلەیە بە بڕوای من بەرامبەرکێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ڕوسیایە بە درێژایی 40_ 50 ساڵی پێش شۆڕش و دەساڵی پاش ئەو شۆڕشە لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەی ڕوسیا و ئاسۆی پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵگایە.

مێژووی ڕوسیا لە دەساڵەکانی پێش شۆڕشدا بە جیدی لەژێر کاریگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی دوو چینی سەرەکی کۆمەڵی سەرمایەداری، پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا بوو. دوو چین کە خۆیان لە یەک کاتدا، نە تەنیا بەرامبەر یەکتر، بەڵکوو لە بەرامبەر بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەردەمدا دەبینییەوە. دوو چین لە بەرامبەر ڕوسیای تزاری دواکەوتوودا و بە قسەی لێنین نیوە فیئۆداڵیدا ڕاست دەبنەوە و لە هەناویدا گەشە دەکەن. هەر وەکوو دوو چینەکە لە بەرامبەر واقیعیاتی دواکەوتووی مەوجوددا، وێنای "ڕوسیایەکی ئاوەدان و ئازاد و پیشەسازی دەخەنە ڕوو". لە



سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیتر بۆ هەموو کەسێک ڕۆشنە کە ڕوسیا توشی گۆڕانکاری جیدی دەبێت. ئەوە ڕوونە کە ڕوسیا دەبێت پێ بنێتە دەورەیەکی تازەوە. دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی ڕووسیا لەچاو تەواوی وڵاتە ئەوروپاییەکانی دا، دەبێتە مایەی ڕەخنە و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی لە روسیا.

بەڵام ئەوەی کە لە ڕەوەندی لەوە دوای حەرەکەتی کۆمەڵی ڕوسیادا دەوری بنەڕەتی دەگێڕێت، ئەو ڕاستییەیە کە ڕوسیای پاشکەوتوو، لە یەک کاتدا، لە دوو ڕوانگەی چینایەتی جیاوازەوە دەدرێتە بەر ڕەخنە. دوو ئاڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر کۆمەڵی ڕوسیادا دادەنرێت. ئاڵتەرناتیڤی دوو چینی جیاواز و دژ بە یەکی کۆمەڵایەتی. سەرمایەداری و سۆسیالیزم دوو ئاسۆی جیاوازن، کە نە تەنیا لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵکە هەر لە سەرەتاوە بە شیوەیەکی جیدیتر لە پاڵ یەکدا و بەڵام لە بەرامبەر ڕوسیای واقیعەن مەوجوددا دادەنرێت. تەواوی بۆرژوازی ڕوسیا خوازیاری پەیوەستبوونی ڕوسیا بەو شارێگەی شارستانییەتە سەرمادارییەوەیە کە ئەوروپای ڕۆژئاوای لە هەمان قۆناغدا خەریکە بەرهەمەکەی بە شادییەکی زۆرەوە دەنوێنێت. پرۆلیتاریای ڕوسیا بە شێوەیەکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەژێر کاریگەری سۆسیال دیموکراتی ڕوسدا بانگەواز بۆ سۆسیالیزم دەکات.

واقیعیاتی کۆمەڵایەتی ڕوسیا پەیوەندی ئەو لەگەڵ کۆمەڵی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا و توانای ئەو وەک یەک دەوڵەتی ئیمپریالیستی و توانای نیزامی و هەروەها فراوانی ئابوورییەکەی بە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە توانای هاتنەدی مێژووی بەهرەمەند دەکات. لە ڕووی بابەتییەوە ڕوسیای دواکەوتووی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم **دەتوانێت** لەسەدەی بیستەمدا ڕوسیای سەرمایەداری، یان ڕوسیای سۆسیالیستی بێت. پەرەسەندنی ئابووری لە سایەی هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکەدا عەمەلییە. هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو ئاڵتەرناتیڤە لە یەک کاتدا لە حاڵی بەسیج و کۆبوونەوەدان. ئاسۆی مێژووی هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە هەمان کاتدا لە کەلێنەکانی کۆمەڵی ڕوسیادا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جێی خۆیان گرتووە و لە هەمان کاتدا پایەکانی ئاگایی شۆڕشگێڕانەیان لە ڕوسیادا شکڵ پێداوە. ڕەچاوکردنی چەند خاڵ لێرەدا پێویستە:

1_ لە ئارادابوونی بابەتییانەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی، بەم مانایە بوو کە ڕووە "هاوبەش"ەکانی دوو ئاڵتەرناتیڤی جیاوازی چینایەتی بۆ دەورەیەکی دوور و درێژ بەرجەستە دەبن و جەختیان لەسەر دەکرێنەوە. سۆسیالیزم و سەرمایەداری نزیکایەتییان لەگەڵ یەکدی نییە، بەڵام ئەگەر واقیعیەتی زاڵی پەیوەندییەکانی فیئۆدالی، تزاریزم، سەرکوت و جەهل بێت، ئەو دەمە توخمی مۆدێرنیزم لە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکەدا بە ناچاری بەرجەستە دەبێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێت. پرۆلیتاریا و بۆرژوازی هەر دووکیان دوژمنی ئەم دواکەوتووییە ئابووری و سیاسییەن. ئەم ڕووە هاوبەشانە نە تەنیا ئاشکرا دەکرێن، بەڵکە ئاگایانە بە تایبەتی لە لایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوە جەختیان لە سەر دەکرێت. بە ڕادەیەک کە سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بە پێچەوانەی ناردۆنیزم، پلەیەک لە گەشەی سەرمایەداری لە ڕەوەندی حەرەکەتی کۆمەڵ بەرەو سۆسیالیزم بە حەیاتی و پێویست دەزانێت. سۆسیال دیموکراتی چەندین جار ج لە ڕووی سیاسییەوە و چ لە ڕووی مشتومڕی فەرهەنگیدا، خۆی لە پاڵ خوازیارانی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازیدا دەبینێتەوە. جووتهاتنەوە لەگەڵ باسەکانی مارکسیزمی عەمەلی، لە بەرامبەر ئابووری ڕوسیادا، جووتهاتنەوە بە شێوەیەکی بەرجەستە مۆنشەڤیکەکان لەگەڵ بۆرژوازی لیبراڵی ڕوسیادا، هەر وەها ڕێزدانانی هەمیشەی ڕابەرانی سۆسیال دیموکراتی و لە نێویاندا بۆلشەڤیکەکان، لە قارەمانانی بۆرژوا دیموکراتی لە مێژووی ڕوسیادا، شایەدی ئەم واقیعیەتەن. ئەم جووتهاتنەوانە، ئەگەر چی لە هەندێ قۆناغی مێژوویی تایبەتدا ناکرێت بەدی نەیەن، بەڵام بە هەر حاڵ لە ڕووی عەمەلییەوە بێجگە لە خاوکردنەوەی پرۆسەی لێک جیابوونەوەی تەواو و هەمە لایەنەی ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی



بۆرژوازی لە کۆمەڵدا، مانایەکی تریان نییە، وە ئەنجامە سەلبییەکانی خۆیان هەر چۆنێک بێت لە دەورانێکی تردا، بە بۆچوونی من بە تایبەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدی دەهێنایەوە.

2_ ئەوە ڕوونە کە سۆسیال دیموکراسی ڕوسی زادەی پێشکەوتنخوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕوسیادا نەبوو. سۆسیال دیموکراسی بەرهەمی ڕوسیا و دیاردەیەکی ڕوسی نەبوو، ئەگەرچی کۆمۆنیزم ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتدا بە ڕاستی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ناسیۆناڵ ڕیفۆرمیزمی خۆوڵاتی و دەربڕینیەتی لە قاڵب و دەستەواژەی وەرگیراو لە مارکسیزمەوە. بەڵام سەبارەت بە ڕوسیا پەیوەندی سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ ئۆردووی پرۆلیتێری نێونەتەوەییدا قوڵ بوو، وە خەسڵەتی نێونەتەوەیی و چینایەتی بە تەواوی دیاربوو. بەڵام بە هەر حاڵ سۆسیال دیموکراتی لە ڕوسیادا قاڵبێکی بۆ پێشکەوتنخوازی و میللی و ڕیفۆرمیستی ڕوسی بەدی دەهێنێت کە بە ناچاری بەشێکی گرنگ لە نارەزایەتی دژی تزاری بە تایبەتی لە لایەن تۆێژە وردەبۆرژواکانی کۆمەڵی دەگرتە خۆی. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی لە ڕەوەندی حەرەکەتی خۆیدا بەردەوام لەگەڵ ئەو واقیعتەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە کە ناسیۆنالیزم_ ڕیفۆرمیزم لە ڕیزەکانی خودی ئەم بزووتنەوەیەدا بەرهەم و دووبارە بەرهەم دێتەوە و دەبێتە مەیلێک لە سۆسیال دیموکراسی ڕوسیدا. مۆنشەڤیکەکان بەرجەستەبووی واقیعی و مادی ئەم مەیلە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵی ڕوسیادا بوون.

بەڵام مۆنشەڤیزم تاقە چوارچێوەی دەرکەوتنی ئەم مەیل و تەمایولانە نەبوو. ململانێی پرۆلیتایا و بۆرژوازی لە ڕوسیا، ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەداری، بە بەرامبەرکێی نێوان سۆسیال دیموکراسی کرێکاری ڕوسیا لەگەڵ نوێنەران و ئەحزابی سیاسی بۆرژوازی ئاشکرا نەدەوەستایەوە. ئەم ململانێیە بەشیک لە دینامیزمی حەرەکەتی خودی سۆسیال دیموکراسی دەخوڵقاند و لەگەڵ خۆیدا لەتبوون و کێشمەکێشی جیاواز لە سەر تاکتیک و لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆتاییدا ململانێی چارەنووسساز لەسەر ئاسۆی شۆڕشی ڕوسیا، تەنانەت لە ڕیزەکانی خودی بۆڵشەڤیکەکان بەدی دەهێنا.
مەسەلەی شێوەی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشی 1905دا و جیابوونەوەی بۆڵشەڤیزم و مۆنشەڤیزم، مەسەلەی جەنگی جیهانی و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و مەسەلەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەڵوێستەکانی فراکسیۆنە جیاجیاکانی ناو خودی حیزبی بۆڵشەڤیک سەبارەت بە ڕەوەندی ئەم شۆڕشە، هەموو ئەمانە شایەدی ناوخۆیی‌بوونی ئەم ململانێ چینایەتییە بوون. ئەم کێشمەکێشە لە هەموو حیزبە کرێکارییەکاندا بە پلەی جیاجیا هەبوو، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی لە بارەی ڕوسیاوە ئەوە بوو کە خاڵی گرێبەند لەم کێشمەکێشمەدا ڕووبەڕووبونەوە و بەرامبەرکێی ئاسۆ سەرەکییە چینایەتییەکان لە تەواوی کۆمەڵی ڕوسیا سەبارەت بە داهاتووی ڕوسیا و مەسەلەی پێشڕەویی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەودا بوو.
3_ بەم پێیە ئەوە ڕۆشنە کە مێژووی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و مێژووی شۆڕشگێڕییەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ڕوسیا، لە هەمان کاتدا مێژووی دابڕان لە کاریگەرییەکانی ئاسۆی بۆرژوا ناسیۆنالیزم و پێشکەوتنخوازی ڕوسییەیە. دابڕانێک کە بە ئیعتیباری جووتبوونی مێژوویی دژی تزاری لەگەڵ بۆرژوازیدا و هاوشانی لە مەحکەمکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و ئاستی بەرهەمهێنان و تەکتیکی نزمی کۆمەڵی ڕوسیا و هاوشانی مێژوویی لە نارەزایەتی بەرامبەر زوڵم زۆرەوە زەرورەتی پەیدا دەکرد. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی نە تەنیا وەک چوارچێوە و ئامرازێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی سەرمایەداریی پرۆلیتاریا، بەڵکوو هەروەها وەک ڕەوەندێکیش بۆ نارەزایەتی و پێشکەوتنخوازی هەموو خەڵکی بەدی هاتبوو. سۆسیال دیموکراسی ڕوسی وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەر تەنیا نوێنەری سۆسیالیزمی پرۆلیتاری و نێونەتەوەیی لە ڕوسیادا نەبوو. بەڵکوو جەمسەرێکی ڕاکێشەریش بوو بۆ "شۆڕشگێڕی



کۆمەڵگەی ڕوسیا" و ئەم "شۆڕشگێڕی"یە لە ڕووی مێژووییەوە لە هەناوی نارەزایەتی ناسیۆنالیزم و دیموکراتیکەوە خولْقا بوو، بەڵام ڕەوتی گەشە و جەمسەربەستنی چینایەتی کۆمەڵی ڕوسیا و هەروەها وردکردنەوە و پوختەکردنەوەی نەزەری و سیاسی زیاتری مارکسیزم لە ڕوسیا نەی دەتوانی سۆسیال دیموکراسی هەر وا دەست لێ نەدراو بهێڵێتەوە و تا سەر بە هەمان شێوە بیکا بە توخمی پێشڕەوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی. مێژووی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی لە هەمان حاڵدا مێژووی جیابوونەوەی پرۆلیتاریا و ڕێبازی ئاسۆی پرۆلیتاری لە بۆرژوازی و ئاسۆی بۆرژوازییە.
ئەم ڕەوەندی جیابوونەوەیە دەورانی مێژوویی و خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسسازی هەیە، کە هەموومان پێی ئاشناین. جیابوونەوە لە نارۆدنیزم ڕەخنە لە نارۆدنیزم وەک سۆسیالیزمی خەڵکی ناپرۆلیتێری خاڵی سەرەتای پەیدابوونی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێر بوو. قسە و باسەکانی بەلشەڤیکەکان لە شۆڕشی 1905 لە مەڕ پەیوەندی چینی کرێکار بە دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشێکی بۆرژوازیدا و شێوەی مامەڵەی پرۆلیتاریا لەگەڵ بۆرژوالیبراڵدا، قسە و باس سەبارەت بە تایبەتییەکانی حیزبی پرۆلیتێری، شیکردنەوەی بۆڵشەڤیکەکان لەسەر زەوی و دەرکی بەلشەڤیکەکان لە کاریگەرییە مێژووییەکانی کۆنەپەرستی ئیستۆلیپینی لەسەر پێکهاتی ئابووری ڕوسیا و لە هەمووی گرنگتر هەڵوێستی بەلشەڤیکەکانە لە بەرامبەر جەنگی جیهانیدا، کە دەبوایە سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ بە بەرجەستەترین شێوە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی وەک مەیلێکی دژی کرێکاریی مەحکوم بکات. ئەمانە ئەو خاڵی وەرچەرخان و ساتە مێژووییە گرنگانە بوون کە چینی کرێکار و ڕێباز و ئاسۆی خۆی و ئاڵتەرناتیڤی خۆی لە ئاسۆی بۆرژوازی جیادەکردەوە و وەک هێزێکی چینایەتی سەربەخۆ لە بەرامبەریدا دەوەستایەوە، ئەم ڕەوەندی دابڕانە پایەیەکی بنەڕەتی لێنینزمە و کاتێک کە دەڵێین "لێنینزم لە قسە و باسە ئابوورییەکانی ساڵەکانی 24_ 28دا نوێنەرایەتی نەکرا،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگەڕێینەوە سەر هەمان ئەم واقیعیەتە، یانی لێک جیاکردنەوەی بنەڕەتی و یەکجاری ئاسۆی پرۆلیتێری لە ئاسۆی بۆرژوازی و وونبوونی جیاکردنەوەیەکی ئاوا لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕوسیادا، لە کات و ساتێکدا کە ئەرکی بناغەیی شۆڕشی کرێکاری، واتە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرمایەداری یەکلا دەکرایەوە. بە هەر حاڵ ئێمە لەسەر ئەوە جەخت دەکەین خەباتی چینایەتی ڕوسیا ململانێی دوو هێزی بە تەواویی لێک جیا و جیاواز (لە ڕووی فکری، ئاسۆی سیاسی، ئاڵتەرناتیڤی عەمەلی)یەوە نەبوو. ململانێی دوو ئۆردوگای بە تەواوی لە یەک جیابووەوە و ڕیزبەستوو لە بەرانبەر یەکدا بوو.

خەباتی چینایەتی لە ڕوسیا پڕۆسەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتبوو کە لەو پڕۆسەیەدا ڕیزی پڕۆلتاریا هەنگاو بە هەنگاو لە ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم و مۆدێرنیزمی سەنعەتیی بۆرژوازی ڕوسی جیا دەبووەوە. هەر وەک وتم مێژووی سۆسیال دیموکراتیی ڕوسی شایەدی ئەوەیە کە چۆن پرۆلیتاریای ڕوسیا بە ڕابەرایەتی بۆلشەڤیکەکان هەنگاو بە هەنگاو ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی ڕوسی دەشکێنێت و بیر و ئاوات و ئاسۆی خۆی لە بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەبینێتەوە و عەمەلی دەکاتەوە و چۆن لەم ڕێگایەوە بەرانبەرکێی دوو ئاڵتەرناتیڤی چینایەتی بۆ گەشەی کۆمەڵی ڕوسیا بەرجەستە دەبێت. بەم شێوەیە بناغەی باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە تا 1917 لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم جیابوونەوەیە لە ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە بە تەواوی ڕووی دابوو، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە، یانی لە ڕووی ئاسۆ و دوورنمای گەشەی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیای دوای تزاریزمەوە بە یەکجاری ڕووی نەدابوو. هیچ مشتومڕێکی بنچینەیی سەبارەت بە مەسەلەی ئابووری کۆمەڵی دوای شۆڕش، کە لەودا ئاسۆی پرۆلیتاریا لە نوسخە بۆرژوازییەکانی پەرەسەندنی ئابووری ڕوسیا جیا کرابێتەوە و دیار و سەقامگیر بووبێت تا پێش شۆڕشی 1917 وجودی نییە. تێڕوانینی ئابووری تایبەتیی پرۆلیتاریا



بە هەمان تواناوە کە تێڕوانینی سیاسی تایبەتیی ئەوە، بۆ نموونە، لە بارەی دەوڵەت، جەنگی ئیمپریالیستی، دیموکراسی، شتی ترەوە، ڕوون کرابۆوە و خرابووە ڕوو، نەکەوتبووە بەر باس. لەوانەیە بوترێت کە ئەم تێڕوانینە لە خودی بیری سۆسیالیزم وەک شێوازێکی نوێی ئابووری و لە بیری نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتیدا بە ڕادەی کافی ڕۆشن بووە. بەڵام لە ڕاستیدا گرێی مەسەلەکە هەر لێرەدایە. ئەو پێکهێنەرە سەرەکییانەی سۆسیالیزم کە لە زەینی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی و دەروونی سۆسیال دیموکراسیدا بە گشتی زاڵە، بریتییە لە نەهێشتنی موڵکایەتی تایبەتی وە بەرنامەڕێژی ئابووری، چەقبەستنی بەرهەمهێنان و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان. ئەمە هەمان ناوەڕۆکی ئەسڵی بیرکردنەوەی ئابووری سۆسیال دیموکراسی تا ئەو سەردەمە بوو کە هەر لە یەکەمین پڕۆژەی بەرنامەی حیزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراسی ڕوسیادا کە لە لایەن "پلیخانۆف"ەوە ئامادە کرابوو تا دەگەیشتە قسە و باسەکانی ساڵەکانی 24_ 28 بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی دەردەخست. سەیر و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەمە ڕێک هەر هەمان دەربڕینە لە ئابووری سۆسیالیستی کە کەم و زۆر لە لایەن سۆسیال دیموکراسی ڕیفۆرمیستی ئەم سەردەمەوە، یانی میراتگرانی نێونەتەوەیی دووەم، پارێزراوە و تەوەری فۆرمۆلاسیۆنی بۆرژوازییە لە سۆسیالیزم. لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی سۆسیال دیموکراسی ڕوسدا، پرسگەلی تەوەرەیی سۆسیالیزم و شۆڕشی پرۆلیتێری لە مەیدانی ئابووریدا، گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، گەشەی پیشەسازی و بەدیهێنانی ئابوورییەکی مۆدێرنی پشتبەستوو بە بەرنامەڕێژی ناوەندەوەیە. هۆی ئەمە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا سەرمایەداری ئەوەندەی بە فۆرمۆلاسیۆنە تیئۆرییەکانەوە دەگەڕێتەوە، زیاتر لە گۆشەی "پشێویی بەرهەمهێنان"ەوە دراوەتە بەر ڕەخنە، ئاساییشە کە ئانتی تێزی ئەم سەرمایەدارییە، ئەو ڕژێمە ئابوورییە بێتە بەرچاو، کە تیایدا بە کۆمەکی بەرنامەڕێژی کۆتایی بەم پشێویە هاتبێ. مەسەلەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بنەڕەتیتری سۆسیالیزم یانی، بەدیهێنانی ئەو **شێوازانە لە موڵکایەتی و کۆنترۆڵی ئابووری**، کە دەبێت مۆڵکایەتی بۆرژوازی نەفی بکاتەوە، یانی **کۆتایی بە کاری کرێگرتە بهێنێت** و سەرمایە بە هەموو شێوازەکانییەوە لەناوبەرێ و **ڕێک لەم ڕێگەییەوە** ڕێگەی گەشەی خێرا و سەرسوڕهێنەری هێزەکانی بەرهەمهێنان بکاتەوە، کەمتر لەبەر چاو گیراوە.

**موڵکایەتی سۆسیالیستی و لەناوبردنی کاری کرێگرتە**، لەچاو بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بنیادنانی ئابووری میللی بەرنامەڕێژکراودا بە تەواوی وەلا نراوە. دیارە دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم تێگەیشتنە لە ئەرکە ئابوورییەکانی شۆڕشی کرێکاری و ئەم تێنەگەیشتنە لە سۆسیالیزم، یانی زاڵبوونی بیری گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەسەر بیری هەڵوەشاندنەوەی لە بنەوەی سەرمایەداری و موڵکایەتی بۆرژوازیدا، میراتێکی نێونەتەوەیی دووەم و دیترمینیزمی تەکنەلۆژیک و ئۆلۆسیۆنیزمی[1] زاڵ بەسەر بیرکردنەوەی ئەودا بوو، وە بە تەنها بار و دۆخی زەینی سۆسیال دیموکراسی ڕوسی پیشان نادات.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزم وەکوو ڕژێمێکی ئابووری. ئەوەی کە من لێرەدا دەیخەمە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە سنووربەندی کرێکاری ڕوسیا و سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕی ڕوس لەگەڵ ئاسۆی ئابووری بۆرژوازی ڕوسیادا کە لە دواکەوتوویی ڕوسیای تزاری بێزار بوو، بەو جۆرەی کە پێویستە بە وردی و ڕۆشنی ئەنجام نەدرابوو. زۆر لایەنی هاوبەش لە ئاسۆ ئابوورییەکانی پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا مابوونەوە. مۆدێرنیزمی ئابووری، گەشەی پیشەسازی و تەنانەت تەمەرکوزی ئابووری و بیری بەرنامە هەموو ئەمانە دەیانتوانی بەشەکانی پلاتفۆرمی ئابووری بۆرژوازی گەورەی ڕوسیا بن، کە بە هەر حاڵ

[1] ئۆلۆسیۆنیزم: گەشەی قۆناغ و شێنەیی لە بواری دیاردەکاندا. (وەرگێڕ)



دەبوایە بە هەوڵێکی گەورە و جیدی وە حەتمەن بە ڕەفتار و شێوەی جیاواز لەگەڵ ئابووریی چاودێریکراودا، دواکەوتوویی خۆی پڕ بکاتەوە. (دوای شۆڕشی ڕوسیا و بە بینینی گەشەی خێرای ئابووری بە بەرنامە لەم وڵاتەدا، لە زۆر وڵاتی دواکەوتوودا **بۆرژوازی** تەواوی بەشەکانی ئەم پلاتفۆرمەی کردە بەرنامەی خۆی.) سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە باسەکەی من لێرەدا تەنیا لەسەر بوون و نەبوونی بەڵگەنامەیەک یان نامیلکە و کتێبێ نییە کە تیایدا نەخشەی عەمەلیتری سۆسیالیزمی کرێکاریی لە زەمینەی ئابووریدا باس کرابێت. باس لە سەر فێرکردن و بارهێنانی کرێکارانی پێشڕەوی ڕوسیا، بە حیزبی و ناحیزبی، بە ئاسۆیەکی ئابووری ئاڵتەرناتیڤ و پارێزراوهێشتنەوەیانە لە بەرامبەر ئاسۆی بۆرژوازیی و گەشەی ئابووریدایە. پەروەردەکردن و فێرکردنێکی وەها تەنها بە چەندین ساڵ و لە ڕێگەی جەدەل و سنووربەندییە قووڵ و شیکراوەکانەوە دەکرا ئەنجام بدرێ. ڕێک وەک ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا نیشتمانپەروەریی ئیمپریالیستی بۆرژوازی ڕوسیا لە لای کرێکاری ڕوسی بێ بایەخ بوو، ڕێک وەک ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندانەی کە لیبرالیزم و ڕیفۆرمیزمیان لە لای کرێکاری ڕوسی بێ ئیعتیبار کردبوو. بەڵام ئاڵتەرناتیڤی **ئابووری** بۆرژوازی ڕوسیا دەستی لێ نەدرا و ڕەخنەی لێ نەگیرا و مابووە.

لە واقیعدا دواتر، تەنها پاش ئەوەی کە مەسەلەی ئابووری ڕوسیا و ڕەوەندی حەرەکەتی ئەو بە شێوەیەکی عەمەلی بوو بە کێشەیەکی جیدی، مانەوەی لایەنە هاوبەشە ڕەخنە لێنەگیراوەکانی نێوان بیرە کۆنەکانی بۆرژوازی دژی قەیسەری ڕوس، مۆدێرنیزم، سەنعەتیکردن و شتی تر، لەگەڵ چاوەڕوانییە ئابوورییەکانی ڕیزی پێشڕەوی کرێکارانی ڕوسیا دەرکەوت. لە دەورانی مێژوویی و چارەنووسسازی بیستەکاندا هەر ئەم لایەنە هاوبەشانە ڕێگای پێشڕەوی شۆڕشی پرۆلیتارییان لە ڕووی ئابوورییەوە، یانی ڕێگای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرکەوتنی یەکجاری و بێ گەڕانەوەی ئەویان داخست و شۆڕشی پڕۆلیتێرییان لە ڕوسیا بە ڕیڕەوی گەشەی سەرمایەداریدا برد.
ئەم بەشەی باسەکەی خۆم کورت دەکەمەوە. سەدەی بیستەم پرسیارێکی بنەڕەتی لە بەرامبەر کۆمەڵی ڕوسیادا بە گشتی دانابوو، ئەویش زاڵبوون بەسەر دواکەوتوویی ئابووری و هەنگاوهەڵهێنانەوەی خێرا بوو بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گەشەی سەنعەتی و بەرهەمهێنانە بوو کە ئەوروپای ڕۆژئاوا تاقی کردبووەوە. هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوسیا. لە دەوری ئەم مەسەلە بناغەییە کەوتنە جم و جووڵ، دوو چینی بنەڕەتی ڕوو لە گەشە و هەڵدان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا بە یەکەوە لە دژی نیزامی کۆن دەستیان دایە خەبات و لە هەمان کاتدا وەکوو دوو هێزی ناکۆک بە دوو ئاسۆی دژ بە یەک و لە بەرامبەر یەکدا وەستان، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە بابەتییەکەنی کۆمەڵی ڕوسیا، هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە ئیمکاناتی مێژوویی بۆ جێبەجێبوون و بەدیهاتن بەهرەمەند بوون. هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە دەیانتوانی ڕێگای بەرەوپێشچوونی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیا بکەنەوە. بۆڵشەڤیزم و لێنینزم چینی کرێکاریان وەکوو یەک ڕیزی سەربەخۆ بەرامبەر بە بۆرژوازی و تزاریزم هەر دوو، هێنایە مەیدان. ئەم سەربەخۆییە چینایەتییە لە بەرامبەر چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت دەزگای حکومەتیشدا بە ڕۆشنی بەدەست هاتبوو، وە بووبوون بە تایبەتمەندییەکی ئۆرگانیک و جێگیربوونی بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ڕوسیا. هەر ئەم رادەیە لە سەربەخۆیی وای کرد کرێکارانی ڕوسیا بە ڕابەرایەتی بۆڵشەڤیزم نەخشەکانی گەشەی بۆرژوا دیموکراتیکی سەرخانی سیاسی و حکومەتی لە ڕوسیا تێک بشکێنێ و دەسەڵاتی سەربەخۆی کرێکاری لە ڕێگای شۆڕشێکی پرۆلیتاریەوە بەرپا بکەن. بەڵام ئامانجی "هەمە خەڵکی" بەسەر دواکەوتوویی ئابووری میللی ڕوسیادا زاڵ بوون و ئەو بیرکردنەوە ئابوورییە ناتەواوانەی کە بەسەر سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا زاڵ بوون، توانای



ڕیزبەستنی سەربەخۆی کرێکاری لە بەرامبەر مەسەلەی بناغەیی کۆمەڵگای ڕوسیادا، یانی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری لە چارەنووسسازترین دەورانی شۆڕشی ڕوسیادا، لە چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوی ئەو، حیزبی بەلشەڤیک زەوت کرد. (شۆڕش بوو بە قوربانی نارۆشنیی ئامانجەکانی خۆی)، ئەمە نەک مەسەلەیەکی نەزەری و فکری، بەڵکوو واقیعەتێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدا. کۆمەڵ لە بەرامبەر مەسەلەی ئاسۆی ئابووری گەشەی خۆیدا بە ڕادەی پێویست جەمسەری نەبەستبوو. حیزبی کریکاران بە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی شێوازی بەرهەمهێنان، وە لەژێر گوشاری ئابووری سیاسی کۆمەڵی سەرمایەداری لە ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا پاشەکشەی کرد و بەرەو دواوە بۆ ئەو لایەنە هاوبەشانەی کە لەگەڵ ئاسۆی بۆرژوازی لە هەڵوێستە ئابوورییەکاندا هەیبوو گەڕایەوە. گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی سەرمایەداری جێگەی خۆی بە ئیسڵاحکردنی لە ڕێگەی پەرەپێدانی موڵکایەتی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی بۆ کەڵەکەی سەرمایە و کاردابەشکردن دا. شۆڕشی کرێکاریی بە وەستانی لەم قۆناغەدا، ڕێگەی بەوەدا کە هەموو سەرکەوتنە سیاسییەکانی وردە وردە لەژێر گوشاری واقیعیاتی پێداویستییەکانی ئابووری بۆرژوازیدا لێ بستێنێتەوە. لێنینزم، واتە سەربەخۆیی چینایەتی پرۆلیتاریا لە هەموو بەرە و هەموو نەبەردێکدا، لە دەورانی لابەلاکردنەوەی چارەنووسی ڕژێمی ئابووری کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی نەکرا. "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" ئاڵای ئەم پاشەکشەیە بوو بۆ سەنگەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بۆرژوازی_ میللی ڕوسیا. ئاڵایەک کە هەر لە ئاسمانی بێ ئاڵای لێنین بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم لە ڕوسیادا وەک بونیادێکی ئابووری "باڵاتر"ی پشتبەستوو بە موڵکایەتی سۆسیالیستی و لەناوبردنی کاری کرێگرتە، دەکرا هەڵبگیرێت. **سۆسیالیزم** لە ڕوسیا بە مانای واقیعی مارکسیستی وشە نەک هەر عەمەلی بوو، بەڵکوو بۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردەوامی شۆڕش و سەقامگیرکردنی **حەیاتی** بوو. شۆڕشی کرێکاریی لە بەرامبەر ئەرکە **ئابوورییەکانی** خۆیدا شکستی خوارد.

لەم بەڵگەهێنانەوە و لێکدانەوەی سەرەوەدا چەند ئەنجامگیرییەکی گرنگ دەکەین. یەکەم، دیسانەوە پێ لەسەر دەوری تەوەرەیی مەسەلەی گۆڕانی ئابووری ڕوسیای پاش شۆڕش دادەگرین. خەباتی چینایەتی لە ڕوسیا لە هەناوی شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بە دەوری گرێ و گۆڵێکی بنەڕەتی کە لە ناکۆکییەکان و دژایەتییەکانی ئەم شێوازەوە سەرچاوە دەگرن شکڵی گرتبوو. هەر ئەو پڕۆسەی گەشە ئابوورییەی کە پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ڕوسیا بەدی هێنا، زەرورەتی بابەتیی گۆڕینی بار و دۆخی ئابووری سەردەمیشی دەهێنایە پێشەوە. چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا لە کۆتاییدا لە چۆنیەتی وەڵامدانەوە بەم زەرورەتە بناغەییە کۆمەڵاییەتی_مێژووییەدا دیاری دەکرێت. ئەمە ئەڵقەیەکی بنەڕەتییە لە گەشەی شۆڕشی پرۆلیتێریدا هەر وەک کێشەی بنەڕەتی دژی شۆڕشی بورژوازیش بوو. شیکردنەوەی ماتریالیستی ئەرکییەتی مێژووی ئەم دەورەیە نە بە بێی ئەلگۆی لە پێشدا داڕێژراوی نەزەری دەربارەی هەنگاوە دروست و نادروستەکان لە شۆڕشێکی کرێکارییدا، بەڵکوو بە پێی چۆنیەتی مامەڵەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەم مەسەلە گرێییەیەی کۆمەڵی ڕوسیادا ئەم مێژووە هەڵبسەنێنین. باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە چینی کرێکاری ڕوسیا سەرەڕای ئەوەی کە بە درێژای 20 ساڵ لێبڕاوانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە خەباتدا بوو و سەرەڕای ئەوە کە ئەم دەسەڵاتەشی بەدەستهێنا و حکومەتی کرێکاری بەرپا کرد، لە چارەنووسسازترین قۆناغی شۆڕشدا سەری بۆ ڕێگاچارەی بۆرژوازی لە بواری مەسەلەی گۆڕینی ئابووری کۆمەڵگە دانەواند. بەرئەنجامی ئابووری شۆڕش، سەپاندنی ئیسلاحاتێکی دیاریکراو بەسەر گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیادا بوو، نەک ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستانەی ئەو کۆمەڵگەیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەوەش خۆی لە جیانەبوونەوەی مادی و کۆمەڵایەتی ئاسۆی



ئابووری چینی کرێکار لە ئاسۆی سەنعەتیگەرایانە و میللی بۆرژوازی ڕوسیادا دەبینێتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوسیا بەر لە شۆڕش وردە وردە لە دەوری دوو ڕێبازی چینایەتی ئاڵتەرناتیڤ بۆ گەشەی ئایندەی ڕوسیا، یانی ڕێبازی ناسیۆناڵ_سەنعەتی بۆرژوازی و ڕێبازی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا تەوەرەی دەبەست، ئەو کاتە ڕۆشن دەبێتەوە کە چارەنووسی شۆڕشی کرێکاریی لە ڕوسیاش دەبێت لەسەر بنەما و بەردەوامبوونی هەمان بەرانبەرکێی بناغەیی چینایەتی هەڵبسەنگێنرێت. سەرکەوتنی سیاسی چینی کرێکار لە ڕوسیا و دەستکۆتاکردنی بۆرژوازی گەورە، چ لە ڕووی سیاسی چ لە ڕووی ئابوورییەوە بە مانای کۆتاییهاتنی خەباتی **کۆمەڵایەتی** و چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ڕوسیا بە پێی ئەم شێوە و ئاڵتەرناتیڤانە نەبوو. گرنگ درککردنی ئەوەیە، کە ئەم دوو ڕێبازە پاش شۆڕش لە چ شێوەگەلێکی تازەدا و لەسەر بناغەی کام هێزە ماددی و کۆمەڵایەتییانە خۆیان لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوسیادا دەردەخستەوە. چونکە هێشتا لە ڕووی مێژووییەوە هەر دوو ئاڵتەرناتیڤەکە لە ئیمکاندابوون و زەمینەی ڕوودانیان هەبوو. هەڵبەتە ئێمە وەک مارکسیست و وەک هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەیەکی چینایەتی دیاریکراو، دەتوانین ئەوە ڕاگەیەنین کە لەو سەردەمەدا کە پرۆلیتاریا ئاڵای ئاڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی هەڵگرتووە، هەر ئاڵتەرناتیڤێکی کۆمەڵایەتی تر بێجگە لە کۆنەپەرستی مانایەکی دیکەی نییە. دیارە ئەمە نییەت و ئەرکی ئێمە بۆ بێئیعتیبارکردنی عەمەلی ئاڵتەرناتیڤە چینایەتییەکانی تر نیشان دەدات و حەتمەن وتنیشی زەرورییە، بەڵام بە شێوەی واقیعی لە ڕوسیای 1617دا، دوو پڕۆسە دەیتوانی گۆڕانکاری ماددی و واقیعی لە کۆمەڵدا بەدی بێنێت، گۆڕانکارییەک بەرەو بەدیهێنانی وڵاتێکی بەهێز لە ڕووی ئابوورییەوە. گەشەی کاپیتالیستی کۆمەڵی ڕوسیا، بەهێزبوونی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئابووری ڕوسیا لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا، هێشتا ئیمکانێکی واقیعی و ماددی و ئاسۆیەکی زیندوو بوو لە کۆمەڵدا (هەر بەو جۆرەی کە پاشان بینیمان گەشەی ئابووری ڕوسیا بە کردەوە لە سایەی نیزامی سەرمایەداریدا بەرەوپێش چوو). بەم پێیە قسە لە سەر ئەوەیە کە کام هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانە دەبنە ئاڵاهەڵگری هەر یەک لەم ڕێباز و ئاڵتەرناتیڤانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە عەمەلی و لە توانادا بوون، وە لەمەو بەر تێکۆشام ئەوە نیشان بدەم کە چۆن بەشێک لە سۆسیال دیموکراسی ڕوس (مۆنشەڤیزم) ڕاستەوخۆ لە مێژ بوو بەر لە شۆڕشی 1917ەوە بە خۆی دابووە دەست ئاسۆی بۆرژوازی گەشەی کۆمەڵی ڕوسیاوە و چۆن بۆلشەڤیکەکانیش لەم لایەنە بێ خڵتە و خەوش نەبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئاسۆ بۆرژوازییە لە سایەی هەلومەرجێکی تایبەتیدا، لە بیستەکانەوە بە زۆری لە سایەی ئامادەنەبوونی ڕیزێکی ڕێکخراوی پرۆلیتاریدا، کە ئاڵای ڕێبازێکی واقیعی سۆسیالیستی بەرز کاتەوە، لە لایەن خەتی ڕەسمی خودی حیزبی کۆمۆنیست، واتە خەتی ستالینەوە، نوێنەرایەتی کرا.

بەم شێوەیە ئێمە ئەم وێنا ناواقیعییە قبوڵ ناکەین کە دەڵێت لە بەرەبەیانی شۆڕشێ 1917دا ناوی بۆرژوازی لە لیستەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی ڕوسیادا دەسڕینەوە و ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی گەشەی کۆمەڵی ڕوسیا ئیتر شوێنێک لە ئیعرابدا بۆ خۆی نابینێتەوە. دەرککردنی چوارچێوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر یانی دەرککردنی **پێکەوە بەستراوی و نەپساویی خەباتی چینایەتی لە پێش شۆڕش و لە دوای ئەویشدا.** یانی دەرککردنی ئەم واقیعتە کە لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا ئاسۆی پرۆلیتری و بۆرژوازی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە هەر وەک پێش شۆڕش، بە شێوەی واقیعی لە بەرامبەر یەکدا دەوەستنەوە و وەک گرێ و گۆڵی خەباتی چینایەتی، هێزە واقیعییەکانی کۆمەڵ لە دەوری خۆیان ڕیز دەکەن. تەنانەت لە تێڕوانینە سواوەکانی چەپی ڕادیکاڵیشدا، ئەوەی کە هێڵی ستالین لە



دوالێکدانەوەدا نوێنەرانی **ناسیۆنالیزمی ڕوسی** دەرکرد، جەختی لەسەر دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئەم چەپە فەرامۆشی دەکات، ئەوەیە کە ئەم ناسیۆنالیزمە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیک یا بە تەنها مەیلێک نییە لە سەرخاندا. ئەم ناسیۆنالیزمە ئاڵای بۆرژوازی و هێمای دەسەڵاتی ماددی بۆرژوازییە لە کۆمەڵدا، ئەم ناسیۆنالیزمە ناوەڕۆکێکی ئابووری دیاریکراوی هەیە و ئەوەش جگە لە گەیاندنی ئابووری میللی ڕوسیا بە ئاستی ئابووری سەرمایەداری پێشکەوتوو لە ئەوروپای ئەو سەردەمەدا شتێکی دیکە نییە. دەسەڵاتی ماددی بۆرژوازی زۆر واوەتر لە لە خۆ بایبوونی فیزیکی بۆرژواکانە لەسەر کورسی بەڕێوبەرایەتی و پایە دەوڵەتییەکان. بۆرژوازی بەرژەوەندی و بیرۆکەکانی خۆی وەک ئامانجگەلی گشت کۆمەڵ بڵاو دەکاتەوە. بیر و باوەڕی بۆرژوازی دەبێتە هێزێکی ماددی گەورە کە لە زەین و ئارەزووە "خۆبەخۆکانی" ملیۆنەها ئینسان، کە ڕاستەوخۆ هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ بۆرژوازیدا نییە، مانەوەی خۆی درێژە پێ دەدات. کەسێک کە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا لەگەڵ شۆڕشی 1917دا بۆرژوازی لە مەیدانی سیاسی ڕوسیا دەسڕێتەوە، ئەوە دەست دەداتە خراپترین داشکان و نالەبارترین جۆری لادان لە دەرکی هەمەلایەنە و **کۆمەڵایەتی** مارکسیزم لە پەیوەندییە چینایەتییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری. شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەری گەورەی لەسەر قازانجی چینی کرێکار و تەرازووی هێزەکانی کۆمەڵ لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا دانا. بەڵام خودی ئەم بەرانبەرکێ چینایەتییەی وەک تەوەری خەباتی چینایەتی کۆمەڵ لەنێو نەبرد و نەیتوانی بە بێ گۆڕانکارییەکی گەورەی ئابووری ئەمە بکات. هەر بەم دەلیلە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا کە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاران، لێکدانەوەی دینامیزمی بزووتنەوەی کۆمەڵی ڕوسیا بەشتێک بێجگە لە خەباتی چینایەتی **پرۆلیتاریا و بۆرژوازی** دەبەستنەوە و بایەخ بە دژایەتییەکانی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینە لاوەکییەکانی کۆمەڵ دەدەن، دیدگاگەلێک کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سۆسیالیزم نە لە لایەن کاپیتالیزم بەڵکوو لە لایەن بەرهەمهێنانی وردەکاڵایی و هی ترەوە لە مەترسیدا دەبینن، جیاوازیمان هەیە. بە بۆچوونی ئێمە ئەم شێوە ڕوونکردنەوەیەی مەسەلەکانی کۆمەڵگای پاش شۆڕش لە ڕوانگەی تیۆریی مارکسیستییەوە هەڵە و میکانیکییە و لە ڕوانگەی سیاسییەوە خۆشباوەڕانەیە. ئێمە گرنگی دژایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ مەیلەکانی توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەت ناکەینەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر بەردەوامی و نەپساویی و پێکەوەگرێدراوی دینامیزمی چینایەتی حەرەکەتی کۆمەڵگە، یانی بەرامبەرکێی کار و سەرمایە و کرێکار و سەرمایەدار لە دەورەکانی پێش و پاش شۆڕش و وجودی ئەم دینامیزمە لە پشت هەموو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەکەین. بە دەستکۆتاکردنی سیاسی و ئابووری بۆرژوازی گەورەی ڕوسیا، ڕێگەچارەی کۆمەڵایەتی ئەم چینە ناسڕێتەوە، بەڵکە ماتەریاڵە ئینسانییە ڕاستەوخۆکانی خۆی لە دەست دەدات و بە ناچاری دەبێت بە شێوەیەکی کاتی ماتەریاڵی ئینسانی و چینایەتی پەیدا بکات. بەواتایەکی تر، ئەگەر پرۆلیتاریا لە سبەینێی ئۆکتۆبەردا بە شوێن ئاڵتەرناتیڤی **سۆسیالیستی** خۆیەوەیەتی، لەوبەری هاوکێشەکە ئەوەی خەریکە دەگیرسێ، هاتنەمەیدانی هێزی چینایەتی و توێژی کۆمەڵایەتی وایە کەبتوانن (زۆر ئاشکرایە کە بە لانگیری و پشتیوانیی سەرمایەی نێونەتەوەیی) وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوا_ سەنعەتی لە ڕوسیا کار بکەن. جوتیارەکان، وردەبۆرژواکان، بیرۆکراتەکان و هی تر، لە جەرگەی ئەم دژایەتییە بناغەییە چینایەتییەدا، دەتوانن تەنیا وەک ماتریاڵە ئینسانی و چینایەتییەکانی بەردەوامی و مقاوەمەتی ئاڵتەرناتیڤی **بۆرژوازی** کار بکەن، نەک ئاڵاهەڵگران و هێزی بزوێنەری ئاڵتەرناتیڤە تازە دەرکەوتووەکانی توێژە لاوەکییەکان. تەنیا لە چوارچێوەیەکی وادا، یانی لە بوونیان بە پایەی ماددی ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی، ئەم توێژە لاوەکییانە دەتوانن دەوری **چارەنووسسازی** کۆمەڵایەتی پەیدا بکەن،



نەک لە چوارچێوەی پارێزگاریی بەرژەوەندی توێژەکانی خۆیاندا. نموونەی مەلاکان و زنجیرەمەراتبی مەزهەبی لە ئێران نموونەیەکی دیاریکراو و زیندووە لەم واقیعەتە. جم و جۆڵی ئەم توێژە و گرنگی ماددی ئەم توێژە، نەک لە درێژەدان بە بەرژەوەندییە توێژییەکانی خۆی لە دژی چینی کرێکار، بەڵکوو لە ڕاگرتن و درێژەدان بە حاکمییەتی چینایەتی و ئاڵتەرناتیڤی چینایەتی **بۆرژوازی** لە ئێراندایە، خەباتی چینایەتی تەنیا لەسەر بنەمای ئەو ئاڵتەرناتیڤە چینایەتییانە شکڵ دەگرێت کە لە ئیمکانییەتی پیادەکردن و ئیعتیباری مێژوویی_ سەراسەری بەهرەمەندن. ئەم ململانێیە لە سەردەمی ئێمەدا ململانێی سۆسیالیزم و سەرمایەدارییە، ململانێ پرۆلیتاریا و بۆرژوازییە. هەموو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت لە دەوری ئەم ململانێیە پۆلارێزبن و لە دواشیکردنەوەدا لە پەیوەند لەگەڵ ئەم ململانێ بنەڕەتییەدا نەبێ، ئەم توێژ و چینانە، دەورێکی کۆمەڵایەتی چارەنووسساز ناگێڕن.

مانایەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە لە حاڵەتی شکست، وە یان لادانی پرۆلیتاریا لە جێبەجێکردنی ئاڵتەرناتیڤی خۆیدا، کۆمەڵی ڕوسیا بێجگە لە ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی ڕێیەکی دیکەی بۆ درێژەدان بە ژیانی ئابووری خۆی نابینێتەوە. ئێمە باسی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، وە یان ئابووری بەینابەینی پشتبەستوو بە شکڵەکانی وردەکاڵایی و هیتر قبوڵ ناکەین. ئێمە بیرۆکراسی و شتی تر وەک چینی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لە یەک کۆمەڵگەدا قبووڵ ناکەین. دەبێت ئەوانە وەک شکڵی بەردەوامی کۆمەڵی سەرمایەداری و حاکمیەتی سەرمایە لێک بدەینەوە. لەسەر کاغەز دەتوانرێت هەر شیوەیەکی بەرهەمهێنانی تازە وە یان هەر چینێکی دەسەڵاتداری تازە پێناسە بکرێت و واقیعیات بە پێی ئەو ئەلگۆ داهێنراوانە لە خشتەی تایبەتدا ڕیز بکرێت. بەڵام مێژوو بە پێی ئیمکاناتی مادی و زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، کە بەرەنجامی پراتیکی چینە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکانە دەجووڵێت. شکستی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئاستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵی **سەرمایەداریدا**، بە مانای بەردەوامی سەرمایەداری، با لە سایەی هەر شکڵ و شێوەیەکی تازەشدا بێ دەبێ، نەک بە مانای دەرکەوتنی شێوەی بەرهەمهێنانی تازە، کە هێزە بزوێنەرەکانی زەمینەی مێژوویی و پایە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەردەمی توند و تیژبوونەوەی ململانێی سەرمایەداری و سۆسیالیزم، بوونی دەرەکییان نەبووە. ئەوانەی بەرگری لەم جۆرە دیدگایانە دەکەن، نە تەنها دەبێت ڕیشە و شکڵەکانی پەیدابوونی شێوە بەرهەمهێنانێکی تازەی لەم جۆرە ڕوون بکەنەوە، نە تەنها دەبێت چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر بزاڤی سۆسیالیستیدا ڕوون بکەنەوە، بەڵکە دەبێت ڕوونی بکەنەوە کە چۆن ئەم ئاڵتەرناتیڤە بەسەر ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوازی و کاپیتالیستی مەوجوددا سەرکەوت و چۆن کارێک کە شۆڕشی پرۆلیتاریا نەیتوانیوە بیکات، یانی لەناوبردنی سەرمایە، لە لایەن توێژێکی کۆمەڵایەتی و لە پەناوە و بە بێ هیچ بەرگرییەک لە لایەن **بۆرژوازییەوە**، عەمەلی کراوەتەوە!

بە کورتییەکەی. جەختکردنی ئێمە لەسەر زەرورەتی تێڕوانینی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕشی ڕوسیا دەمانگەیەنێتە جەختکردن لەسەر ئەو خاڵە، کە دەبێ ململانێی چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی و بەرانبەرکێی ئاڵتەرناتیڤە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو چینە، سۆسیالیزم و کاپیتالیزم، بنەمای لێکدانەوەی چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا بێت. ئەو دوو چینەی کە وێڕای بەرانبەرکێی ئاڵتەرناتیڤە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قۆناغێکی دیاریکراودا پێکەوە لە دژی ڕژێمی کۆنی ڕوسیا دەستیان دایە خەبات و بە درێژایی چەند قۆناغی دیاریکراو لە شۆڕشی 1905ەوە تا جەنگی یەکەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتردا وەستانەوە. داکشانی حیزب و دەوڵەتی سۆڤێتی، گەشە و هەڵدانی سیاسەت و کارکردی ناسیۆنالیستی لە حیزب و دەوڵەتی سۆڤێت و لە کۆمێنترن و سیاسەتی دەرەکیدا، بابەتگەلێکی بە پێشینە نەبوون. نارۆشنی ئاڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی و بۆشاییەک کە بە هۆی لە



ئارادا نەبوونی پراتیکی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی دروست بوو، زۆر ئاسایی دەیتوانی بە مانای کەلەبەرێک بۆ ناسیۆنالیزم، یانی توخمی دیاریکەری ئاڵتەرناتیڤی بۆرژوا_سەنعەتی لە ڕوسیادا بێت. ئەگەر ئۆردووی سۆسیالیستی لە نیشاندان بەرەوپێشبردنی ئاڵتەرناتیڤی ماددی خۆیدا بۆ ڕوسیا سست و کەمکار بێ، ئەو کاتە ئاڵتەرناتیڤی واقیعییەکەی تر، ناسیۆنالیزم و گەشەی بۆرژوا_ سەنعەتی ڕوسیا مەیدان بە دەستەوە دەگرێت، جا هێزی بەشەری هەڵسوڕاوی ئەم دیدگا بۆرژوازییە هەر کەس یا هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێت. دەورەی دوای شۆڕش، مەیدانی ململانێی ئەو دوو مەیلە کۆنەی پێشوو، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر پرسگەلی تازە و لە سایەی هەلومەرجێکی تازەدا. ئەم ململانێیە لە کۆتاییدا بە قازانجی ناسیۆنالیزم و ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیا دوایی هات. ئەوەی کە ئێمە دەبێت نیشانی بدەین ئەوەیە کە هۆ و زەمینەکانی شکستی پرۆلیتاریا لەم ململانێیەدا چی بووە؟ پرسگەلی بنەڕەتی لەم ململانێیدا کامانە بوون؟ هێزەکان و نوێنەرە بیلفیعلەکانی ئەم مەیلانە کامانە بوون و چۆن کاریان کرد. عەواملێکی یاریدەدەر و ڕێگر بۆ هەر یەکە لەم دوو ڕێبازە لە ڕوسیا، پاش شۆڕش هەبوون، وە لە دواییدا ئاڵتەرناتیڤی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر بۆ ڕیگەگرتن لەم شکستە دەبوایە چی بێت و بۆ ئێمە دەبێ چی بێت؟ لەسەر بناغەی ئەم وێنایە و ئەم میتۆدۆلۆژییە گشتییەیە، ئێمە دێین چارەنووسی شۆڕشی ڕوسیا و حیزبی بۆڵشەڤیک و دەوڵەتی سۆڤێت و شتی تر لێک دەدەینەوە.

## چەند خاڵێک سەبارەت بە زەمینە تیۆرییەکانی شکستی یەکجاری شۆڕش

...................

......... ماوێتر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com